داوا لە سەرجەم دەنگدەرانی هەرەم دەکەین بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمان بکەن و دەنگیان بگەیەنن

لەگەڵ دەستپێکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان، ئێلینا ڤەمانوسکی، کونسۆڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق پەیامێکی بڵاوکردەوەو تیایادا ڕایگەیاندووە، "ئەمە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی هەرەمی کوردستانە و دەنگدان بەبەڵێی پشتی دیموکراسییەکی سەرکەوتووە و داوا لە سەرجەم دەنگدەرانی هەرەم دەکەین بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا بکەن و دەنگی خۆیان بگەیەنن".

لەکاتێکدا، کاتژمێر 7ی بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، 20ی تەشرینی یەکەمی 2024, دەنگدانی گشتی بە خولی شەشەمی پەرلەمانی هەرەمی کوردستان دەستپێکرد و تاوەکوو کاتژمێر 6ی ئێوارە بەردەوام دەبێت.
لەم هەڵبژاردنەدا 14 حیزب و هاوپەیمانی کابێنەی لەسەر 95 کورسیی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان دەکەن لەگەڵ پێنج کورسی بۆ کۆتاکان کە بۆ تورکمان و ئاشوریەکان تایبەت کراوە.
لەکاتێکدا ڕۆژی هەینی ڕابردوو، دەنگدانی تایبەت بە خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو و بەگوێرەی ئامارەکانی کۆمیسیۆن ڕۆژی بەشداریی گەیشتبووە 97% ی ئەندامی هێزە ئەمنییەکان دەنگیان دا لەکەی گشتی 215،000 دەنگی تایبەت.
هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی

عەراقەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بە گوێرەی داتاکانی کۆمیسیۆن، دوو ملیۆن و 682 هەزار و 618 دەنگدەری هەرێمی کوردستان، مافی بەشدارییان لە دەنگدانی گشتیدا هەیە.